# کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر زمانی کوردی

م.ی. هیوا سەلام خالد
زانکۆی کۆیە
بەشی کوردی

**پێشەکی**

بە پشتبەستن بەوەی کە لە سەردەمی ئەمڕۆماندا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکاردێن و کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر هەموو کایەکانی ژیانی تاك و کۆمەڵ. تەکنەلۆجیا بە گشتی و ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانەی کە لەسەر تۆڕەکانی ئەنتەرنێت کاریانپێدەکرێت بە تایبەتی، بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر کاریگەری لەسەر زمان دروست دەکەن. هەر بۆیە بەباشمان زانی کە کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بە تایبەت تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك بخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە دەچێتە خانەی زمانەوانی کۆمەڵایەتی و لە زمانە پێشکەوتووەکانی جیهان گرنگی زیاتر بەو بوارە دراوە بەبەراورد بە زمانی کوردی. زمانەوانان و تەنانەت زۆرجار قسەکەری ئاسایی زمانیش هەست بەو ڕاستییە دەکەن کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان زۆرە لەسەر زمانی کوردی و لە ڕێگەیەوە وشە و دەستەواژەی نوێ هاتۆتە ناو زمانەکەمان و چەندین جۆر شێوازی ئاخاوتنیان بەرهەمهێناوە.

تائێستا هیچ ئامارێك بەدی ناکرێت سەبارەت بە ژمارەی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، بەڵام ئەوەی ڕون و ئاشکرایە ئەوەیە کە ژمارەی بەکارهێنەرانی ئەنتەرنێت لە زیادبووندایە. ئەم پەرەسەندنەش بووەتە هۆکارێك بۆ دروستبونی جۆرێك لە ئاخاوتن لەسەر تۆڕەکانی ئەنتەرنێت لە ڕێگای خزمەتگوزاری نامە گۆڕینەوە (چات) و خستنەڕوی بیروڕاکانی بەشداربوانی فەیسبوك لەسەر دیواری (wall) تایبەتی بەکارهێنەر. لە ڕێگای ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدرێت کە ئەو شێوازی ئاخاوتنە شیبکرێتەوە و کاریگەرییەکانی لەسەر زمانی کوردی ڕونبکرێتەوە.

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە خستنەڕووی دیاردەی شکانی زمانی کوردییە کە کەمترین توێژینەوەی دەربارە کراوە، بە تایبەت ئەو شێوازەی قسەکردن و نوسینەی کە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك قسەی پێدەکرێت و خزاوەتە ناو ئاخاوتنی بەشێکی کۆمەڵگا، بەتایبەت چینی گەنجان.

میتۆدی توێژینەوەکە وەسفی شیکارییە کە لە ڕێگەیەوە تیشك دەخرێتە سەر ئەو زانیارییانەی کە لە ڕاپرسییەکی گشتیدا کۆکراونەتەوە لە ڕێگەی هەردوو پەیجی فەرمی زانکۆی کۆیە و زانکۆی سۆران لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکدا. مەیدانی توێژینەوەکە زاری کرمانجیی ناوەڕاستی زمانی کوردییە. هەروەها بەراوردکردنی نمونەکانە لەگەڵ نمونەی زمانەکانی تر. بە تایبەت ئەو نمونانەی کە لە زمانی ئینگلیزی وەك بەدەسەلاتترین زمان لە بواری تەکنەلۆجیا و ئەنتەرنێت وەردەگیرێن.

بەشێوەیەکی گشتی، جگە لە پێشەکی و ئەنجام و کورتەی باسەکە بە هەردو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، توێژینەوەکە لەم بەشانە پێکدێت؛ تەوەری یەکەم، کە تێیدا زمانی فەرمی و زمانی نافەرمی گەنگەشە کراوە،

ئەمـەش بـۆ ڕونكردنـەوەی ڕادەی نافـەرمیبونی ئـەو شـێوازە ئاخـاوتن و نوسـینەی لـە تـۆڕە كۆمەڵایەتییـەكان بـەكاردێت. هـەروەها كورتـەیـەك دەربـارەی وێبسایتەكانی تۆڕی كۆمەڵایـەتی خراوەتـە ڕوو كـە تێیـدا خاسـڵەت و مێژوی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئەم وێبسایتانە خراوەتە ڕوو. لە تـەوەری دووەمـدا كورتـە باسـێكی زمانـەوانی كۆمەڵایەتی و گۆڕانە زمانییەكان كراوە و چۆنییەتی دەركەوتنی توێژینەوەكان دەربـارەی كاریگـەریی تەكنـەلۆجیا لەسەر زمان خراوەتە ڕوو. گۆڕانـە زمانییـەكان هـەر لـە ئـەلفوبێی كوردییـەوە تاكو شـێوازی قسـەكردن و ئاخـاوتن شـیكراونەتەوە. بـە شـێوەیەكی پوخـت باسـی كاریگـەریی تـۆڕی كۆمەڵایـەتی فەیسـبوك لەسـەر هـەر یـەك لـە ئاستەكانی زمان، وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی، كـراوە. لـە كۆتاییـدا دەرەنجامی توێژینەوەكـە خراوەتـە ڕوو لەگەڵ لیستی سەرچاوەكان و پوختەی توێژینەوەكە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

## تەوەری یەكەم:

### ا. زمانی فەرمی و زمانی نافەرمی (Formal and informal language)

مەبەست لە زمانی فەرمی ئەو شێوازی ئاخاوتنەیە كە پـەیڕەوی یاسـا و ڕێساكانی زمـان دەكـات و هەوڵـدەدات بـە وردتـرین شـێوە مەبەسـتی خـۆی بپێكێـت و دوربكەوێتـەوە لـە دەربڕینـە نافەرمییـەكان. ئەمـەش بێگومـان لـە چەندین بوار و شوێندا پێویستە ڕەچاو بكرێت. بـۆ نمونـە لـە نوسـینە ئەكادیمییـەكان، دام و دەزگـا حكومییـەكان، هەروەها قسەكردن بەم شێوازە باوترە لـە شـێوازە نافەرمییەكـە لەگـەڵ ئـەو كەسـانەی، كـە پەیوەنـدی هاوڕێیـەتی نزیكمان لەگەڵیانـدا نییـە. سـەبارەت بـە زمـانی كـوردی و بـە تایبـەت زاری كرمـانجی ناوەڕاست. نازەنین جـەلال، مامۆستا لە بەشی كوردی زانكۆی دهۆك پێی وایە، كە سەرباری ئەوەی ئەم زارە هێشتا نەبووەتـە زمـانی سـتاندارد بـۆ هـەموو كـورد بـەڵام بـەناو سیسـتەمی بەسـتانداردبووندا ڕۆیشـتووە لـە ناوخۆیـدا و هـەموو شـێوەزارەكان شێوازێكی یەكگرتوویان پەسەند كردووە (نازەنین جەلال، ٢٠١٣). مەبەست لـەم شێوازە یـەكگرتووەی باسـكراوە، زمانی فەرمی كوردییە لە دیالێكتی كرمانجی ناوەڕاست. هـەر ئەوەشـە وایكـردووە، كـە هـەر كوردیزانێكی ڕۆشـنبیر هەسـت بـە ئاسـتی فـەرمیبوونی بەرامبەرەكـەی دەكـات و لـە كـاتی پێویسـت هـەمووان بـە یـەك شـێوازی فـەرمی قسـەدەكەن و دەنوسـن. بـۆ نمونـە لـە دامودەزگاكـانی دەوڵـەت، هـیچ جیاوازییـەكی ئـەوتۆ بـەدیناكرێت لـە نێـوان شێوەزارەكانی كرمانجی ناوەڕاست.

لەبەرامبەر ئەو زمانە فەرمییـە، جۆرێـك لـە زمـان هەیـە، كـە زمـانی نافەرمییـە و بـە چـەندین شـێوازی جیاجیـا دەردەكەوێت، كە لێرەدا هەوڵدەدرێت بە كورتی هەندێك لەمجۆرانە بخرێنەڕوو:

### ١. پەند و ئیدیۆم (Clichés and ideoms)

بـەكارهێنانی پەنـد لـەناو كۆمـەڵگادا شـتێكی بـاو و ئاسـاییە. پەنـدەكان بەرهـەمی بـیری كۆمـەڵن و پەنـدە كوردییـەكانیش بەرهـەمی ئـەزمون و هـزر و تێـڕوانین و جیهـانبینی كـوردن (هـێمن عبدالحمیـد شمـس، ٢٠١٣، لا٧٦). بۆ نمونە:

لە زمانی كوردیدا دەگوترێت: "كەڵەشێریش نەبێت ڕۆژ دەبێتەوە."

ئەمە بەواتای لەدەستدان یان نەبوونی كەسێك، كۆتایی دنیا نییە و دەكرێت خەڵكانی دیكە شوێنی بگرێتەوە.

بەلآم لەوانەیە قسەکەرانی زمانانی دیکە لەم پەندە تێنەگەن، هەروەك لە بەرامبەردا لە زمانی ئینگلیزیدا پەندێك هەیە دەڵێت :

- There are plenty of fish in the sea. (ماسی لە دەریادا زۆرە.)

ئەم پەندە نزیك لە واتای پەندە کوردییەکە دەبەخشێت بەلآم بە شێوەیەك داڕێژراوە کە لەگەڵ کەلتور و زمانی ئینگلیزی بگونجێت و بەکاردێت بۆ کەسێك کە هاوڕێیەکی نزیك، بە تایبەت خۆشەویستەکەی، لەدەستدابێت. بەواتای ئەوەی کە دەکرێت خەڵکی دیکە شوێنی بگرێتەوە.

ئیدیۆمیش زۆرێك لە خەسڵەتەکانی پەند لەخۆدەگرێت. لانگلۆتز (Langlotz) پێناسەی ئیدۆم دەکات و دەڵێت 'ئیدیۆم پێکهاتەیەکی ڕێکخراوە، کە لە دوو وشە یان زیاتر پێکدێت و پەیکەرێکی شێوە گرێ یان وشەی هەیە و پێکهاتە سیمانتیکییەکەی بە شێوەیەکی گشتی لە پێکهاتەکانی وەرناگیرێت، لەوەش زیاتر ئیدیۆم بە شێوەیەکی دیار و بەرچاو چەسپاو و نەگۆڕە.'(زوبێر عەلی، ٢٠١٢. ل٣١).

بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا کاتێك دەگوترێت "ئاش لەخەیاڵێك و ئاشەوان لە خەیاڵێك" مەبەست لە بێئاگایی کەسێکە بەرامبەر شتێك یان شوێنێك، بەلآم لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ هەمان مەبەست و نزیك لە هەمان واتا دەگوترێت:

- Barking up the wrong tree. (بڕینەوەی دارێکی هەڵە)

بەواتای سەیرکردنی شوێنێکی هەڵە و دور لە مەبەست.

بە گشتی هەر پەند و ئیدیۆمێك تایبەتە بە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو و لەوانەیە لە کۆمەڵگایەکی تر مایەی تێگەیشتن نەبێت و تەنانەت هەندێ جار واتا پێچەوانە دەبێتەوە. ئەگەر مرۆڤ شارەزایی لە کەلتوری زمانێك نەبێت ناتوانێت بە وەرگێڕانی وشە بە وشە مانای ئەم پەند و ئیدیۆمانە بگوازێتەوە. پەند و ئیدیۆم جۆرێکن لە زمانی نافەرمی کە باشتروایە قسەکەر لە کات و شوێنی فەرمی لە بەکارهێنانیان دوربکەوێتەوە.

## ٢. زمانی بازاڕی (Slang)

فەرهەنگی جیهانیی ئۆکسفۆرد ئەم شێوازە بەوە پێناسە دەکات، کە 'شێوازێکی زمانە، پێکهاتووە لە کۆمەڵێك وشە و فرێزی زۆر نافەرمی، کە لە قسەکردندا زیاتر بەکاردێن نەك لە نوسین، بە شێوەیەکی گشتی تایبەتن بە ژینگەیەکی دیاریکراو یان کۆمەڵە خەڵکێکی دیاریکراو' (فەرهەنگی ئۆنلاینی ئۆکسفۆرد، ٢٠١٥). هەرچەندە لە ئێستادا بە شێوەیەکی بەربلاّو لە نوسینی نامە ئەلیکترۆنی و تۆڕە کۆمەلآیەتییەکانیش بەکاردێت کە لە تەوەری داهاتو زیاتر تیشکی دەخریتە سەر، هەروەك لە پێناسەکەش ئاماژەی بۆ کراوە، بە شێوەیەکی گشتی بەستراوەتەوە بە چینێکی دیاریکراو لە ناو کۆمەڵگادا.

بۆ نمونە بەشداربوانی ڕاپرسییەکە کۆمەڵێك وشەی لەمجۆرەیان ئاماژە پێداوە، کە دەچنە خانەی زمانی بازاڕییەوە:

سوپرایز - ئۆکەی – کەپڵ – های – بای...هتد (ڕاپرسی، ٢٠١٥).

**٣. زمانی نامەی ئەلیكترۆنی (Textspeak):**

ئەم جۆرە زمانە زیاتر لەگەڵ تەكنەلۆجیا پەرەی سەندووە و بە شێوەیەكی زۆر بەربڵاو لە نامەی مۆبایل، تۆڕەكۆمەڵایەتییەكان و بە جۆرێك لە ئێستادا لە دەرەوەی تەكنەلۆجیاش بەكاردێت. ژمارەیەكی زۆر لە گەنجان پێیان وایە، كە شێوازێكی جوان، یان ئاسانترە هەر بۆیە بەكاری دێنن. هەر وەك ئەم نمونەیە كە شێوازێكی ئاخاوتنە لە زمانی ئینگلیزیدا:

Les١: as it stands now, meeting on weds؟

Les٢: instead of tues

Brian١: idiot Hess seemed to think you were there tues morning

Brian٢: thot that mtg from ٩ to ١٠ would solve

Brian٣: if you not in ny I'm going to have mtg changed to wedne

(سۆزان هێرینگ، ٢٠٠٥، لا٥) .

ئەگەر سەیری ئەم نمونانە بكەین دەبینین كە لە زۆر شوێندا وشەكان زۆركورتتر كراونەتەوە بە بەراورد بە فۆرمی خۆیان، هەروەها بە هیچ جۆرێك حیساب بۆ لایەنی ڕێزمانی و یاسا و ڕێساكانی زمانی ئینگلیزی نەكراوە بۆ نمونە:

(weds – Wednesday)

(tues – Tuesday)

(mtg – meeting)

لە زمانی كوردیشدا ئەم حاڵەتە بەدیدەكرێت، تەنانەت زۆرجار كەسی بەكارهێنەر چەندین جۆری ئەلفوبێ بەكاردێنێت لە نامە ئەلیكترۆنییەكاندا، هەر وەك زۆرێك لەو نمونانەی كە لە لایەن بەشداربووانی ڕاپرسییەكەماندا خراونەتە ڕوو:

هههههههه (hhhhhh) وەك ئاماژەیەك بۆ پێكەنین و خۆشحاڵی

Sp - سوپاس

Ba٦ – باش

awt٧ – حەوت

Salamu ٤alaikm – سلام العلیكم

تێل دەكەم – تەلەفۆنت بۆ دەكەم. (ڕاپرسی، ٢٠١٥)

ئەوەی لێرەدا زۆر شایەنی تێڕامان و هەڵوەستە لەسەركردنە، سەرەڕای ئەوەی كە زۆرینەی بەشداربوانی ڕاپرسییەكەمان چینی دەستەبژێری كۆمەڵگان و پێكهاتوون لە مامۆستا و خوێندكارانی زانكۆ، بەڵام بەكارهێنانی ئەم شێوازی نوسینە زۆر بەربڵاوە. بە جۆرێك كە ٣.٤٨٪ی كۆی بەشداربوان ئەمجۆرە نوسینە لە تۆڕەكۆمەڵایەتییەكاندا بەكاردێنن، كە بێگومان كاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پەرەسەندنی بەكارهێنانی زمانی

نافەرمی لە دەرەوەی تۆڕی کۆمەڵایەتیش دەبێت و لە دەرەنجامیشدا زمانی کوردی زەرەرمەند دەبێت. هەر وەك لەم خشتەیەی خوارەوە خراوەتە ڕوو:

١. ئایا کام جۆری ئەلفوبێ بەکاردێنیت لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان:




(ڕاپرسی، ٢٠١٥)

### ٤. زمانی کوردیی شکاو (Kurdish broken language)

'زمانی شکاو قسەکردنێکی پچڕپچڕە لەگەڵ هەبوونی ژمارەیەکی زۆر هەڵە، هەر وەك کاتێك کەسێك بە شێوەیەکی سەرەتایی فێری زمانی دووەم دەبێت' (فەرهەنگی ئۆنلاینی ئۆکسفۆرد، ٢٠١٥). زمانی شکاو بە گشتی پەیڕەوی یاسا و ڕێساکانی زمان ناکات و بە شێوازێکی هەژاری زمان دادەنرێت. دەکرێت هەر یەك لە شێوازی زمانی بازاڕی و شێوازی نامەی ئەلیکترۆنی بەشێك بن لەم شێوازە. بڕوانە نمونەکانی (١) و (٢):

نمونەی (١):

- دەڕۆیت بۆ زانکۆ؟ (شکاو)
- ئایا دەڕۆیت بۆ زانکۆ؟ (شێوازی زمانی فەرمی)

نمونەی (٢):

- قسەکەری یەکەم: کەی دەگەڕێیتەوە؟

قسەکەری دووەم: دوایی. (شکاو)

- قسەکەری یەکەم: تۆ کەی دەگەڕێیتەوە؟

قسەکەری دووەم: من کاتژمێر دوو دەگەڕێمەوە. (شێوازی زمانی فەرمی).

وەك لە نمونەی دووەمدا بەدیدەکرێت کە لە شێوازە فەرمییەکە کات دیاریکراوە، بەڵام لە زمانە شکاو و نافەرمییەکە کات ناڕوونە و لە زمانی ئینگلیزیدا ئەم ناڕوونییە بە (Vague) ناودەبرێت. زمانەوانەکان لەسەر ئەوە کۆکن' کە لە زمانی فەرمیدا باشترە زمانی ڕوون و ئاشکرا بەکاربێت و زۆرجار زمانی ناڕوون دەخەنە قاڵبی زمانی شکاوەوە. چونکە بەکارهێنانی زمانی ناڕوون لەوانەیە کێشەی تێگەیشتن دروستبکات، هەر وەك لەم چەند ساڵەی ڕابردودا، لە ئەنجامی بەکارهێنانی زمانی ناڕون لە دەستوری عێراقدا هەر لایەنێکی سیاسی لە بەرژەوەندی خۆی لێکدانەوەی بۆ بڕگە دەستورییەکان دەکرد.

لەگەڵ ئەوەشدا، زمانی شکاو لەوانەیە لە هەندێك کاتدا بە زمانێکی باڵا دابنرێت، بۆ نمونە زمانی ئەدەب بە گشتی زمانێکی شکاوە، بەڵام شێوازێکی باڵایە.

**ب. وێبسایتەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی (Social Network Sites) چین؟**

لە سەردەمی ئەمڕۆماندا، وێبسایتەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی بەرچاو بوونەتە جێگەی گرنگیپێدانی توێژەران لە سەرتاسەری جیهاندا. ئەمەش بە هۆی ئەوەی، کە ژمارەی بەکارهێنەرانیان ئێجگار زۆرە و کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەسەر ژیانی تاك و کۆمەڵ هەیە. دەکرێت ئەم وێبسایتانە پێناسە بکرێت بە 'خزمەتگوزارییەکی ئەنتەرنێتی، کە ڕێگە بە تاکەکان دەدات بۆ (١) دروستکردنی پرۆفایلێکی گشتی (Public)یان نیوـگشتی(Semi-public) لە سیستەمێکی سنوردار (٢) ئەنجامدانی ئاخاوتن لەگەڵ ژمارەیەك بەکارهێنەر کە پەیوەندییان ڕێگە پێدراوە، هەروەها (٣) بینین و گەشتکردن بەناو پەیوەندی ئەو بەکارهێنەرانە و هەموو ئەو پەیوەندیانەی، کە ئەنجامدراون لە لایەن خەڵکی دیکەوە لە ناو سیستەمەکەدا. سروشتی ئەو پەیوەندییانە لەوانەیە جیاوازبێت لە وێبسایتێکەوە بۆ وێبسایتێکی دیکە' (دانا بۆید & نیکۆلا ئەلیسۆن، ٢٠٠٧، لا ٢١١). بۆ نمونە، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك کە زۆرترین بەکارهێنەری هەیە بە بەراورد بە وێبسایتەکانی دیکەی تۆڕی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان، لە مەرجەکانی خۆیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە 'یارمەتیت دەدات بۆ هەبوونی پەیوەندی و هاوبەشیکردن لەگەڵ ئەوخەڵکانەی کە تۆ دەیانناسی' (فەیسبوك، ٢٠١٥). ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە تۆ ڕێگەپێدراو نیت بۆ هەوڵدان بۆ دروستکردنی پەیوەندی نوێ چونکە لەوانەیە بەکارهێنەری بەرامبەر ئارەزومەند نەبێت. هەرچەندە بەکارهێنەران پابەندنین بە هەموو مەرجەکانی ئەم وێبسایتانە و وێبسایتەکانیش نەیانتوانیوە هەموو مەرجەکانیان بسەپێنن لەبەر زۆری بەکارهێنەرانیان. بەڵام لە تۆڕێکی کۆمەڵایەتی وەك (twitter.com)، وێبسایتەکە خۆی هاوکارە بۆ دۆزینەوە و ناسینی کەسی نوێ، هەروەها هەوڵدەدات بەکارهێنەر ئاگاداربکاتەوە لەو بابەتانەی کە پێشتر ئاماژەی بۆ کردووە کەوا ئارەزوویان دەکات (تویتەر، ٢٠١٥).

مێژووی ئەمجۆرە وێبسایتانە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٧، کە بۆ یەکەمجار وێبسایتێکی تۆڕی کۆمەڵایەتی بە ناوی (sixdegrees.com) ڕێگەی بە بەکارهێنەرانیدا، کە پرۆفایل دروستبکەن و پەیوەندی بەردەوامیان هەبێت لەگەڵ هاوڕێکانیاندا، کە پێشتر ئەمجۆرە کارکردنە تەنیا لە وێبسایتەکانی ژوان (dating sites) دروستکردندا بەدیدەکرا (دانا بۆید & نیکۆلا ئەلیسۆن، ٢٠٠٧، لا ٢١٤). سەبارەت بە کۆمەڵگای کوردی، دەکرێت بگوترێت، کە تۆڕی کۆمەڵایەتی بابەتێکی نوێیە و زیاتر لەگەڵ گەشەسەندنی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك پەرەی سەندووە. هۆکاری ئەم بەکارهێنانە لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ شێوازی گونجانی فەیسبوك لەگەڵ کۆمەڵگا جیاجیاکاندا و لە نێویاندا کۆمەڵگای کوردی. فەیسبوك بۆ یەکەمجار لە ساڵی ٢٠٠٤ بنیاتنرا و بە شێوەیەك، کە تەنیا قوتابیانی زانکۆی هارڤارد دەیانتوانی بەکاریبێنن و بەکارهێنەر دەبوایە ئیمەیلی زانکۆی ناوبراوی هەبێت. دواتر پەرەی پێدرا و ڕێگەی دا بە قوتابیانی ناوەندەکانی خوێندنی دیکەی ئەمریکا بۆ ئەوەی سود لەم خزمەتگوزارییە وەربگرن و پاشان بە جیهانیکرا (لا ٢١٨). لەگەڵ بە جیهانیبوونی فەیسبوك و بەکارهێنانی بە شێوەیەکی بەرچاو، ئەو شێوازە قسەکردنەی لە نامە ئەلیکترۆنییەکان بەکاردێت مۆرکێکی تایبەتی وەرگرت و دەتواندرێ بگوترێت، کە پاڵنەرێك بوو بۆ پەرەسەندنی زیاتری زمانی شکاوی کوردی

(Kurdish broken language) ، کە پێشتر لە قاڵبێکی سادەتر و تەنیا لە گۆڕینەوەی نامەی مۆبایلدا خۆی دەبینییەوە یان لەوانەیە لێرەو لەوێ بەکارهێنەرانی نامەی ئەلیکترۆنی سودیان لێوەرگرتبێت. ئەوەش دیاردەیەکی مۆدێرنە و لەگەڵ دەرکەوتنی کۆمپیتەر و تەکنەلۆجیا لە هەموو بوارەکاندا گەشەیکردووە. هەر وەك چۆن سۆزان هێرینگ سەبارەت بەو شێوازە زمانە و بەلەبەرچاوگرتنی زمانی ئینگلیزی پێی وایە، کە ئەو ئاخاوتنانەی کە لە ڕێگای کۆپیتەرەوە ئەنجامدەدرێن کەمتر ڕاستن، کەمتر ئاڵۆز و مایەی تێگەیشتنن بە بەراورد بە زمانی ستاندارد (٢٠٠٥، لا٥).

هەروەها دەکرێت بگوترێت، کە بەکارهێنەرانی تەکنەلۆجیا و لە ناویاندا بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەلأیەتییەکان هەوڵدەدەن بە کامترین کات و بە کەمترین وشە مەبەستەکانیان بگەیەنن و زمان سادەتر دەکەنەوە لە فۆڕمە سەرەکییەکەی خۆی. لە ناو پەیوەندییە کۆمپیتەرییەکانیشدا، بە شێوەیەکی گشتی زمانی نامەی ئەلیکترۆنی (e-mail) فەرمیترە لە زمانی تۆڕە کۆمەلأیەتییەکان هەر وەك لە ڕای بەشداربوانی ڕاپرسییەکەشەوە ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت:

٢. . ئایا ئیمەیل بەکاردێنیت؟




(ڕاپرسی، ٢٠١٥)

٣. ئەگەر بەڵێ، شێوازی بەکارهێنانی زمانی ئیمەیل، بە گوێرەی بەکارهێنانی تۆ، جیاوازی چییە لە شێوازی بەکارهێنانی زمانی تۆڕەکۆمەلأیەتییەکان ؟




(ڕاپرسی، ٢٠١٥)

بۆ تێگەیشتن دەربارەی ئەو شێوازە زمانە نافەرمییە و جیاکردنەوەی لە زمانی نافەرمی ڕۆژانەی دەرەوەی تەکنەلۆجیا و هەروەها جیاکردنەوەیان لە زمانی فەرمی، لە تەوەری دووەمدا تیشك دەخرێتە سەر کاریگەرییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر زمانی کوردی لە ئاستە جیاجیاکاندا.

**تەوەری دووەم**

**زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی زمان**

گۆڕانی زمانی بە گشتی لە دەرەنجامی کاریگەرییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانەوە ڕوودەدات. بەهۆی ئەوەی کە تەکنەلۆجیا و کۆمپیتەر لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردووەوە بوون بە هۆکارێك بۆ پەیوەندیکردن، هەر لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، بابەتی گۆڕانی زمانی بەهۆی پەیوەندیکردن لە ڕێگای کۆمپیتەرەوە (Computer-mediated communication – CMC) خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە لە لایەن زمانەوانانەوە. یەکەم لێکۆڵینەوە لەو بوارەدا دەگەڕێتەوە بۆ توێژینەوەکەی ناومی بارۆن (Naomi Baron) لە ژێر ناوی (پەیوەندیکردن لە ڕێگای کۆمپیتەرەوە وەکو هێزێك لە گۆڕانی زمانیدا – ١٩٨٤). هەر دوای ئەو چەندین لێکۆڵینەوەی تر لەو بوارەدا خرانە بەردەست بۆ نموونە توێژینەوەکانی دەنیز موورای – ١٩٨٥ و کریستین سێڤرینسن – ١٩٨٦ تا لە نەوەدەکاندا بابەتی گوتاری کۆمپیتەریش پەرەیسەند و بوون بە مایەی تێڕامانی زیاتری زمانەوانان (سۆزان هێرینگ، ٢٠٠٥، لا٥).

زۆرێك لەو زمانەوانانەی، کە لەبواری گۆڕانی زمانیدا کاردەکەن پێیان وایە کە بە شێوەیەکی گشتی گەنجان پێشەنگن بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری لە زماندا[1] (لیوی گاو، ٢٠٠٨). بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییە، گرنگە کە هەڵوەستە لەسەر گۆڕانکارییە زمانییەکان بکرێت و پلانێکی زمانی گونجاو پەرەی پێبدرێت.

بە گونجاندنی بۆچوونەکەی لیوی گاو و زمانەوانانی دیکە لەگەڵ ڕاپرسی ئەم توێژینەوەیە، کە زیاتر لە ٩٠٪ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە تەمەنیان لە خوار ٣٥ ساڵەوەیە و زۆرینەیەکی بەرچاویشیان زمانی کوردی شکاو بەکاردێنن، بە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، گرنگە کە سنورێك بۆ گۆڕانکارییە نەرێنییەکان دابنرێت.

٤. تەمەنت چەندە؟




(ڕاپرسی، ٢٠١٥)

چـــونکە وەك بەشـــداربووان ئاماژەیـــان بـــۆ کـــردووە، کـــە تەنانـــەت لـــە دەرەوەی تەکنـــەلۆجیا و تۆڕەکۆمەڵایەتییـەکانیش ئـەم جۆرە زمانـە بـەکاردێنن یان بـە جۆرێك لـە جۆرەکان کاریگـەری لەسـەریان هەیـە، هەر وەك لەم خشتەیەی خوارەوە خراوەتە ڕوو:

٥. ئایا ئەم شێوازە زمانە لە دەرەوەی تۆڕی کۆمەڵایەتی بەکاردێنیت؟




(ڕاپرسی، ٢٠١٥)

ئـەم دەرەنجامانـە ئـەوە پیشاندەدەن، کـە سـەرباری هـەموو ئـەو قەیرانانـەی کـە زمـانی کـوردی تێیکـەوتووە، تەکنـەلۆجیاش بووەتـە هۆکـارێکی سـەربار، کـە لـە داهاتوودا لەوانەیـە کاریگـەری نـەرێنی لەسـەر زمـانی کـوردی دروستبکات.

بـە گشـتی دەکرێـت بگوترێـت کـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان گۆڕانکـاری فۆنـەتیکیان لـە زمـانی کوردیـدا دروستنەکردووە، یان ڕاستتر بڵێین، کە تا ئێستا گۆڕانێکی لەمشێوەیە بەدیناکرێت. لە تـەوەری یەکەمـدا لەگـەڵ زمـانی نامـەی ئـەلیکترۆنی تیشـکخرایە سـەر کاریگەرییـەکانی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان لەسـەر ئـەلفوبێی کـوردی، هـەروەها لـەخوارەوە شـیکردنەوە دەکرێـت بۆهـەموو ئاسـتەکانی دیکـەی زمـان، کـە تێیانـدا کاریگـەری و گۆڕانکارییەکان بەدیدەکرێن:

## ١. کاریگەریی تۆڕی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی وشەسازی

هەر لە وشەکانی (سێلفی، فرێند، تاگ، فۆلۆ..هتد...) دەردەکەوێت، کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئەنتەرنێت و بە تایبەت فەیسبوک کاریگەرییەکی زۆرییان لەسەر فەرهەنگی زمانی کوردی هەیە. تەکنەلۆجیای زانیارییەکان و پەیوەندی بەخێرایی بەرەو پێشەوە دەچێت و بەجۆرێك کە زۆرجار لێکۆڵەرەکانیش کاتی پێویستییان بۆ نارەخسێت لە ئاستی ئەو بەرەوپێشچونە بکۆڵنەوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە کاریگەری ئەو پێشکەوتنەیە لەسەر ئاستی وشەسازی.

ئەکرۆنیمەکان (acronyms) بەشێکی بەرچاوی ئەو گۆڕانکارییە زمانییانە لەخۆدەگرن، بە پشتبەستن بەوەی، کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جیهانیان لەیەکتر نزیکتر کردۆتەوە و زمانی ئینگلیزیش وەك زمانی زاڵ لە بواری تەکنەلۆجیا خۆی نمایش دەکات، بۆیە زۆرێك لە ئەکرۆنیمە ئینگلیزییەکان بە جیهانی بوون و لە زمانی کوردیشدا لە لایەن هەندێك لە بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بە بەربلاوی بەکاردێن بۆ نمونە:

FB بە واتای فەیسبووك

LOL یان لۆل - بە واتای لەگەڵ خۆشەویستی زۆرم. (ڕاپرسی، ٢٠١٥)

هەروەها کورتکردنەوە (abbreviations) زۆر بە بەربلاوی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بەدیدەکرێت و ئەمەش لەوانەیە جۆرێك بێت لە بەکارهێنانی کەمترین کات بۆ زۆرترین ئاخاوتن. بە هەمان شێوەی ئەکرۆنیمەکان هەندێك لە کورتکردنەوەکان جیهانین و لە زمانانی دیکەوە تێکەڵاوی زمانی کوردی بوون و بەکارهێنەرانی کوردیش بەکاریان دێنن، هەندێکی تریش بەرهەمی بەکارهێنەرە کوردەکانن و لە لە خودی زمانەکەوە وەرگیراون، بۆ نمونە:

sp بە واتای سوپاس

Tnx لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە و بە واتای سوپاس (ڕاپرسی، ٢٠١٥)

جیاواز لەو نمونانەی سەرەوە، کە کاریگەری ڕاستەوخۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پیشاندەدەن لەسەر ئاستی وشەسازی، گوزارشتکردنەکانیش (emoticon) جۆرێکی تایبەتی زمانن و ڕۆڵی خۆیان لە نامەی ئەنتەرنێتی و نامەی مۆبایل دەگێڕن، بە بەربلاوی بەکاردێن و زۆرجار جێگەی وشەکانی زمان دەگرنەوە. قاموسی ئۆکسفۆرد گوزارشتکردنەکان پێناسە دەکات بە 'نوێنەری دەربڕینێکی ڕوخسار بۆ نمونە زەردەخەنە یان ڕوگرژکردن، کە دروستدەکرێت بەهۆی گونجانی کاراکتەرەکانی سەر کیبۆرد و بەکاردێت لە پەیوەندی ئەلیکترۆنیدا بۆ گواستنەوەی هەستی نوسەر یان ڕادەربڕین دەربارەی شتێك'(فەرهەنگی ئۆنلاینی ئۆکسفۆرد، ٢٠١٥)

نمونەی ئەو گوزارشتانە، کە بەشداربوانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاریاندێنن:

:(  دڵتەنگی

:)  دڵخۆشی (ڕاپرسی، ٢٠١٥)

### ٢. کاریگەریی تۆڕی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی ڕستەسازی

زۆرێك لە زمانەوانان ڕستەسازی بە ئاستێکی جێگیری زمان ئەژمار دەکەن، چونکە بە شێوەیەکی گشتی زۆر بە دەگمەن گۆڕانکاری لە ئاستی ڕستەکانی زماندا ڕوودەدات (لیوی گاو، ٢٠٠٨) (سوزان هێرینگ، ٢٠٠٥)، بۆ نمونە گۆڕان لە شێوەی پێکبەستی ناو و ئاوەڵناو، یان شێوازی کردار و تافەکانی، شێوازی ڕیزبەندی کەرەسەکانی زمان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت ئەم ئاستەش هەڵوەستەی لەسەر بکرێت. چونکە ئەوەی بە شێوەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرا لە ڕستەکانی بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەدیدەکرێت، ئەوەیە کە ڕستەکانیان زۆر کورت و تێکشکاون لە ڕووی یاساو ڕێسا زمانەوانییەکان، لوی گاو ئەم چەند خاڵەی خستۆتە ڕوو سەبارەت بە ڕستەکانی ناو ئاخاوتنی تەکنەلۆژی لە زمانی چینیدا کە دەکرێت بۆ زمانی کوردیش هەر ڕاست بن: '١. گۆڕانکاری لە ڕیزبەندی وشەکانی ڕستەدا. ٢. بەکارهێنانی وشەی دوبارە و بێسود لە کۆتایی ڕستەکاندا. ٣. گۆڕانکاری لە پۆلی وشەدا. ٤. بەکارهێنانی مانایەکی ناباو بۆ وشەکانی ڕستە. ٥. بەکارهێنانی مۆرفیمی بەند و مۆرفیمی ئازاد' (٢٠٠٨، لا٣٦٧). هەندێك لەم خەسڵەتانەی گاو باسی کردووە لەم نمونانەی خوارەوە دەبینرێن:

لە جیاتی ئەوەی ڕستەیەکی تەواو لە ڕووی ڕێزمانییەوە بەکاربێت و بنوسرێت (من سەیری کتێب دەکەم لە کتێبخانەی زانکۆ.)، یان (ساڵی داهاتوو دەچم بۆ ئێران.)، ڕستەکان لە زۆرشوێندا تێکدەشکێنرێن و لەوانەیە بەم شێوەیەی خوارەوە بنوسرێن:

- سەیری کتێب دەکەم.
  کتێبخانەی زانکۆ٭
- دەچمە ئێران، ساڵی داهاتوو٭

### ٣. کاریگەریی تۆڕی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی واتاسازی

بە گوێرەی دابەشکردنە تەقلیدییەکان بۆ گۆڕانی واتا، گۆڕانی واتای وشەکان بەمجۆرە پۆلێنکراون: ١. باشتربوون یان خراپتربوونی مانای وشە واتا شکانەوەی وشە بە لایەنی باش یاخود خراپ. ٢. فراوانبوون یان تەسکبوونەوەی مانای وشە. ٣. ئایا گۆڕانەکە دەرەنجامی خوازە (Metaphor) یان کنایەیە (Metonymy). ٤. ئایا گۆڕانەکە دەرەنجامی کاریگەریی ناوخۆیی زمانە یان بەهۆی کاریگەریی دەرەکییەوە ڕوویداوە (ولیەم هۆڵمان، ٢٠٠٩) .

ئەم چەند نمونەیە دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە تەکنەلۆجیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری زۆریان هەبووە لەسەر ئاستی واتاسازی زمانی کوردی:

بۆ نمونە وشەی 'تۆڕ' لە زمانی کوردیدا بە واتای تۆڕی ماسیگرتن دەهات. بەڵام لە ئێستادا و بەهۆی تەکنەلۆجیاوە واتاکەی فراوانبووە و کاتێك دەڵێین تۆڕی کۆمەڵایەتی بە واتای (network) ی زمانی ئینگلیزی دێت. هەروەها هەر بە هەمان هۆکار، وشەی چوونەدەرەوە ماناکەی فراوانبووە و لە ئێستادا بە واتای ( log out) ی زمانی ئینگلیزیش بەکاردێت. لەم نمونانەدا واتا فراوان بووە.

هەروەها وشەیەکی وەکو "دەستی دوو" پێشتر جۆرێك لە لایەنی نەرێنی تێدا بەدیدەکرا. بەڵام لە ئێستادا لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك و تۆڕەکانی ئینتەرنێت چەندین بازاڕی ئۆنلاین بوونی هەیە لە ژێر ناوی

دەستی دوو کـە لـە زۆرکاتـدا کاڵا و کەلوپـەلی نوێشـیان تێدا دەفرۆشـرێت. بۆیـە دەکرێـت بگوترێـت لێـرەدا واتـا گۆڕاوە بۆ لایەنی باشتر.

تەنانەت وشەیەکی وەك (بەدڵمە) کە وەرگێڕانی (like) ی زمانی ئینگلیزییە و وەك فەنکشنێکی سـەرەکی تـۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك بـەکاردێت، هەنـدێکجار واتـای پێچـەوانەی خـۆی وەردەگرێـت، بـۆ نمونـە لـە کـاتی مردنـی کەسـێك یـان ڕودانـی ڕوداوێکـی ناخۆشـیش بەشـداربوان هـەر لایـك دەکـەن. کـە لێـرەدا دەکرێـت مەبەسـت لـە هاوخەمی بێت نەك ئەوەی ئەو کەسەی لایك لەسەر بابەتێك دەکات بابەتەکەی بەدڵ بێت و ئارەزوی بکات.

زۆرینەی ئەو گۆڕانە واتاییانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردوون تایبەتن بە چینێکی دیـاریکراو و مـەرج نییـە ببنە مایەی تێگەیشتن بۆ هـەموو کۆمـەڵگا. بۆیـە زمانـەوانان بیریـان لـە دابەشـکردنێکی نـوێ کـردەوە بـۆ گۆڕانـە واتاییەکان بە جۆرێك کە هەموو گۆڕانەکان لەپێشچاو بگرێت.

دابەشـکردنە نوێیەکـە پشـت بـە بنـەمای کـات دەبەسـتێت و دەکرێـت بـە دوو بەشـەوە: ا. Diachronic (گـۆڕانی مێـژویی): کـە مەبەسـت لێـی هـەموو ئـەو گۆڕانـە واتاییانـەن کـە لەگـەڵ بـەردەوامی کـات ڕوودەدەن و لـە چـەند بـوارێکی جیـاواز بـەکاردێن و دوبـارە دەکرێنـەوە ب. Synchronic (گـۆڕانی هەنوکـەیی): تیشـکدەخاتە سـەر گۆڕانەکان لە کاتێکی دیاریکراو و بـوارێکی دیـاریکراو (ولیـەم هۆلـان، ٢٠٠٩، ل٥٣٥). هـەر بۆیـە لـە زۆر کاتـدا گۆڕانە مێژوییەکان بـە گـۆڕانی زمـانی نـاودەبرێن و گۆڕانـە هەنوکەییـەکان بـە گـۆڕانی واتـایی. چونکە لەوانەیـە گۆڕانـە هەنوکەییەکـە دوبـارە واتـا خوازراوەکـە لەدەسـت بداتـەوە و بگەڕێتـەوە سـەر واتاکـەی خـۆی و نەبێتـە گۆڕانێکی زمانی و لەهەموو بوارەکانی زمان بەکار نەیەت.

لێرەدا دەگەینە ئـەو ئەنجامـەی کـە هـەموو نمونـەکانی کـە لەسـەرەوە ئاماژەمـان پێکـردون گـۆڕانی سـینکرۆنیکین، چونکە لـەدەرەوەی چوارچێوەکەیان مایـەی تێگەیشـتن نـین. تەنانـەت لـە نمونـەی ئـەرکێکی (function) وەك بەدڵمە (Like)، ئەگەر لـە دەرەوەی تۆڕەکۆمەڵایەتییـەکان کەسـێك (بەدڵمـە) بـەکاربێنێت بـۆ ڕوداوێکـی نـاخۆش، لەوانەیە ڕووبەڕوی کێشەی کۆمەڵایەتی بێتەوە.

**ئەنجام**

- لەبەرئەوەی کـە زمـان دیاردەیـەکی کۆمەڵایەتییـە و زۆر بـە ئاسـانی دەکەوێتـە ژێـر کاریگەرییـە نـاوخۆیی و دەرەکییەکان، هەروەها تەکنەلۆجیا ی ئەنتەرنێت بە گشتی و وێبسـایتی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان بـە تایبـەتی، کاریگەری دیاریان هەیە لەسەر زمانەکانی جیهان و لە ناویشیاندا زمانی کوردی. لـە ئەنجامـدا جـۆرە زمـانێکی شکاوی کوردی لەگەڵ تەکنەلۆجیا پەرەیسەندووە و چەندین وشە و زاراوەی نوێ هاتونەتە ناو زمانەکەوە.
- زۆرجار بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کە زۆربـەیان لـە چینـی گـەنجان پێکهـاتوون، وا هەسـتدەکەن کـە تێکشکاندنی زمـان ڕێگایـەکی سـەرنجڕاکێش و ئاسـانە، بۆیـە بـە شـێوەیەکی بـەربڵاو ئـەو شـێوازە نافەرمییـە ئاست نزمە نوێیانە بـەکاردێنن. بـە جۆرێـك شـێوازەکە تـەنیا لـە چوارچێوەی تۆڕەکۆمەڵایەتییـەکان قـەتیس نەبووە، بەڵکو بەکارهێنەران هەندێکجار لە دەرەوەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانیش پەنای بۆ دەبەن.
- کاریگەرییـەکانی ئـەم تـۆڕە کۆمەڵایەتیانـە لـە زۆربـەی ئاسـتەکانی زمـان بـەدەر کـەوتوون، بـە جۆرێـك لـە جۆرەکان ئـەلفوبێی فـەرمی، کـە لەسـەر تـۆڕی ئەنتـەرنێت ئـەلفوبێی یونیکۆدە، پشـتگوێخراوە و کـەمترین بەکارهێنەری هەیە. لە بەرامبەردا چەندین جـۆری ئـەلفوبێی نافـەرمی بـەکاردێن کـە لـە زمانـەکانی دیکـەوە

وەرگیراون یاخود لەلایەن بەکارهێنەرانەوە دروستکراون. لە ئاستی وشەسازیدا چەندین وشە و مۆرفیمی نوێ هاتونەتە ناو زمانەوە و ئەکرۆنیم و کورتکردنەوە و تەعبیرەکان بە بەربلاوی بەکاردێن. قسەکەران بە گشتی یاساکانی ڕستەسازی زمان پەیڕەو ناکەن و بە زمانێکی شکاو دەدوێن و دەنوسن. لە ئاستی واتاسازیشدا، تۆڕە کۆمەلایەتییەکان گۆڕانی واتایی سینکرۆنیکی بەرچاویان دروستکردووە.

## لیستی سەرچاوەکان:


- **بە زمانی کوردی:**

- ڕاپرسی، ٢٠١٥، کاریگەریی تۆڕە کۆمەلایەتییەکان لەسەر نوسین و قسەکردن لە زمانی کوردیدا، بلاوکراوەتەوە لە پەیجی فەرمی زانکۆی کۆیە و زانکۆی سۆران لەسەر تۆڕی کۆمەلایەتی فەیسبوک .
- زوبێر عەلی عارف، ٢٠١٢، ئیدیەم لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
- نازەنین جلال ئەحمەد، ٢٠١٣، زمان و ڕامیاری لە کوردستانی عێراق: لە ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١وە بۆ حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان لە ئەمڕۆدا، چاوپێکەوتن، زانکۆی دهۆک .
- هێمن عبدالحمید شمس، ٢٠١٣، هەژمونی زمان لەسەر کەسێتی کورد، پەندی پێشینان بە نمونە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە.

- **بە زمانی ئینگلیزی**

- Boyd, D. M. & Ellison, N. B., 2007. Social Network Sites: Definition, History, and scholarship. *Journal of Computer-Mediated Communication,* 13(1), pp. 210-230.
- Gao, L., 2008. Language Change in Progress: Evidence from Computer-Mediated Communication. *Proceedings of the 20th North American Conference on Chinese Linguistics,* Volume 1, pp. 361-377.
- Herring, S. C., 2005. Computer-Mediated Discourse. In: *The Handbook of Discourse Analysis.* s.l.:Blackwell Publishers Ltd, pp. 1-24.
- Hollmann, W. B., 2009. Semantic change. In: *English Language: Description, Variation and Context.* Basingstoke: Palgrave, pp. 301-313.

- **سەرچاوەکانی سەر تۆڕی ئەنتەرنێت:**

- Facebook, 2015. [Online]
Available at: www.facebook.com
- Twitter, 2015. [Online]
Available at: https://twitter.com/
- Oxford Online Dictionary, 2015 [Online]
Available at: http://www.oxforddictionaries.com/definition/english

**پاشکۆ**

**(پرسیارەکانی ئەو ڕاپرسییەی کە لە پەیجی فەرمی هەردوو زانکۆی کۆیە و سۆران لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بڵاوکرایەوە و ١٥٠ کەس بەشدارییان تێدا کرد و زانیارییەکان لەم لێکۆڵینەوەیە سودی لێوەرگیراوە، بێئەوەی تیشک بخرێتە سەر ناسنامەی بەشداربوان)**

**کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر زمانی کوردی**

**ڕەگەز: - مێ - نێر**

**تەمەن**

**١٨-٢٥ ساڵ**

**٢٥-٣٥ ساڵ**

**سەروی ٣٥ ساڵ**

**پیشە**

**مامۆستای زانکۆ**

**خوێنکاری زانکۆ**

**پیشەیەکی دیکە**

**ئایا تۆ کام جۆر لە شێوازی نوسین بەکاردێنیت لەسەر تۆڕەکانی ئەنتەرنێت ؟**

- **کوردیی یونیکۆد**
- **ئەلفوبێی ئینگلیزی**
- **ئەلفوبێی لاتینی**
- **ئەلفوبێی عەرەبی**
- **تێکەڵەیەک لە ئەلفوبێ، بۆ نمونە لە جیاتی ع ژمارە ٣ بەکاردێنیت، یان لە جیاتی ح ژمارە ٧ بەکاردێنیت**

**ئایا هەستدەکەیت لە ڕێگای تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە وشەی نوێ هاتۆتە ناو زمانەوە؟ وەك سێلفی، لایك و....هتد، ئەگەر بەڵێ چەند نمونەیەك بنوسە، ئەگەر نا بە نەخێر وەڵام بدەرەوە.**

**ئایا ئەم شێوازی زمانە لە ژیانی ڕۆژانەت بەکاردێنی؟ (لەدەرەوەی تۆڕی ئەنتەرنێت)**

- **بەڵێ**
- **نەخێر**

**پێت وایە کاریگەری ئەم شێوازی دەربڕین و نوسینە چۆن دەبێ لەسەر زمانی کوردی**

- **کاریگەری نەرێنی لەسەر زمان دەبێت**
- **حاڵەتێکی ئاساییە**

**تکایە... چەند نمونەیەکی ئەم جۆرە ئاخاوتنە بخەرە بەردەست، کە خۆت بەکاریدێنی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك .**

چۆن دەست بە گفتوگۆ دەکەیت و خواحافیزی دەکەیت لە ڕێگای فەیسبوکەوە؟ بۆ نمونە (سلاو - خوات لەگەڵ)، (های - بای) یان هەر جۆرێکی تر لە خوارەوە بینوسە.

ئایا ئیمەیل بەکاردێنیت؟

- بەڵێ
- نەخێر

ئەگەر بەڵێ، شێوازی بەکارهێنانی زمانی ئیمەیل جیاوازی چییە لە شێوازی بەکارهێنانی زمانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان :

- فەرمیترە (ڕەسمیترە)
- نافەرمیترە
- جیاوازی نییە.


## ملخص البحـث

عنوان الدراسة "مدى تأثير وسائل الشبكات الاجتماعية على اللغة الكردية"

بشكل عام نتيجة للأستخدام الواسع لموقع الفيسبوك والشبكات الاجتماعية، حيث ان لدى هذة المواقع تأثير مباشر وغير مباشر على حياتنا. و يتأثر اللغة كسلوك اجتماعي من خلال الشبكات الاجتماعية. و من هنا تحاول هذه الدراسة تحليل آثار الشبكات الاجتماعية لا سيما الفيسبوك على اللغة الكردية، والتي تعتبرعلم من اللغات الاجتماعية. و قد يكون من المهم أن نذكر بأن هذه المجال في اللغة الكردية لم يتم التركيز عليها بشكل مكثف.

ليس هناك أية إحصائيات رسمية عن مستخدمي الفيسبوك في إقليم كردستان – العراق، ولكن من الواضح أن العدد آخذ في الازدياد، وهذا النوع من اللغة المستخدم في الشبكات الاجتماعية للدردشة وتبادل الأفكار بشكل عام تعتبر من الاساليب الغير الرسمية. حيث انة بشكل عام له تأثير سلبي على اللغة الكردية. بسب ان معظم المستخدمين لهذة الشبكات هم من الشباب، وأنهم يعتقدون أن هذه اللغة هي مثيرة للاهتمام و جميل في نفس الوقت. و لكي يتكون لدينا وجهة نظر أوسع، تم الاعتماد على جمع المعلومات عن طريق الاستبانة للمتصفحين على الفيسبوك على مواقع كل من جامعة كويه وجامعة سوران. و قد تم جمع البيانات و تم مقارنتها مع اللغات الأخرى.

تتكون الدراسة الحالية من ثلاثة أجزاء، باستثناء المقدمة والخاتمة. في الجزء الأول تم دراسة و تحليل اللغة الكردية بشكل رسمي وغير رسمي. و في الجزء الثاني تم شرح و توضيح مواقع الشبكات الاجتماعية من حيث تاريخهم وتطورهم و اهم وظائفهم. و في الجزء الثالث و الاخير و التي تعتبر الجزء الرئيسي للدراسة، تم التركيز على علم لغة الاجتماع وتغيير اللغة. و تم مناقشة تأثير وسائل الشبكات الاجتماعية على الحروف الهجائية الكردية، مورفولوجيا، بناء الجملة والدلالات في اللغة الكردية. وأخيرا فإن كل من استنتاجات الدراسة و المصادر المستخدمة تم ذكرها مع ملخص للدراسة باللغتين العربية والإنجليزية .

# Abstract

The study is under name ‘the effect of social media on Kurdish language’
Due to the wide usage of Facebook and social networking in general, they have direct and indirect impacts on our life. Language as a social behaviour is affected by social networking. So this study is analysing the impacts of social networking, in particular Facebook, on Kurdish language, which is in the field of sociolinguistics. It might be important to say that this area is unbeaten track in Kurdish.

There is not any statistics about Facebook users in Kurdistan Region – Iraq, but it is clear that the number is increasing, and this kind of language that is used in social networking to chat and share ideas generally is informal style. Also, it has negative impact on Kurdish language in general. Most of the users are young people, and they believe that this informal language is interesting and ‘cool’. To have a wider view, a survey was available on both Facebook formal pages of Koya University and Soran University. The data were collected and compared with other languages.

The article consists of three parts, excluding introduction and conclusion; in the first part formal and informal Kurdish is studied. The second part is about social networking websites, their history, development and functions. The thirds part, which is the main part of the research, concentrates of sociolinguistics and language change. The impacts of social media on Kurdish alphabets, morphology, syntax and semantics is discussed. Finally, the conclusion of the project, the bibliography, the abstract in Both Arabic and English and the index are accessible.